سودانی: پشتگیری تۆواوی حکومەت بە بەهێزکردنی کاری پۆلیس دووپات دەکەینەوە

ئەمە پێنجشەممە"محەمەد شیاع سودانی "سەرۆك وەزیران، پشتگیری حکومەتی بە بەهێزکردنی کاری پۆلیس دووپات کردەوە.

سودانی لە تویتەکدا لە سەکۆی خۆی لەسەر پلاتفۆرمی (ئەکس)نوسیویەتی: لە یادی 103ساڵەی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق،سەلاو لە قوربانیدان و ئەرکی سەرجەم ئەندامانی ئەم دەزگا بنەڕەتییە لە پاراستنی سەلامەتی و پاڵپشتیکردنی دەوڵەت و سەپاندنی سەروەری یاسا.

سودانی لە تویتەکەیدا دەشێت : لەم بۆنە نیشتمانیەدا،پشتگیری حکومەت بە بەهێزکردنی کاری پۆلیس دووپات دەکەینەوە،لەبەهێزکردنی بە باشترین توانای ماددی و زانستی و تەکنەلۆژیا ، هەروەك جەخت لەسەر پابەندبوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی شکۆی هاوڵاتیان و جەبەجەکردنی یاسا بەپێی یەکسانی و دادپەروەری و دوور لە موجامەلە دەکەینەوە و سەلاو دەنێرین بە ڕەحمی بەرزەفری ئەو پۆلیسە شەهیدانەی کە گیانی خۆیان شەرفمەندانە کردە قوربانی خاك و نیشتیمان.